حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای هەولێر
ب.گرێبەستە گشتیەکان

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
MINISTRY OF INTERIOR/ERBILGOVERNORATE
DIRECTORATE OF GENERAL CONTRACTS

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
محافظة أربيل
م . العقود العامة

ژمارە : ٣٨٦
/ ٢٧٢ کوردی
٢٠٢٤/١٠/٢ زاینی

# ئـاگـاداری

## ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە ( 206 ) بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
## کۆدی ( 23-12-0069)

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی ( دروستکردنی ئاوەڕۆی سندوقی (2×2)م بە درێژی (4)کم لە شەقامی سەرەکی ( پیرمام – شەقلاوە ) ) کە (بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆی هەولێر ) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر(11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی ( سێ شەممە) ڕێکەوتی ٢٢ / ١٠ / 2024 دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت .وە کرێی بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

### مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر :

- کۆمپانیای لە پلە ( 1 ) کەمتر نەبێت و نوێ کراوە بێت .
- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتی هەبێت و نوێ کراوە بێت بۆ ساڵی 2024 .
- ماوەی پرۆژە ( 360 ) ڕۆژی تقویمی .
- کاتی بەسەر چوونی تەندەر ( 90 ) ڕۆژە لە بەرواری کردنەوەی تەندەرەکە.
- سزای دوا کەوتن ( 5,000,000 ) پێنج ملیۆن دینارە بۆ یەك ڕۆژ .
- بارمتەی سەرەتایی بە بڕی ( 150,000,000 ) سەد و پەنجا ملیۆن دینار بە شێوەی چەکی پەسەند کراو یان دەستەبەری بانکی ( خطاب ضمان ) لە یەکێك لە بانکەکانی باوەڕ پێکراو لە هەرێم بێت .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای کات و ڕۆژی دیاریکراو لە سەرەوە .
- لە کاتی وەرگرتنی تەندەر کۆمپانیا یان بەڵێندەر دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان ( تخويل ) لەلایەن کۆمپانیا یان بەڵێندەر بێنێت .
- بەڵێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش کڕینی تەندەر بە سەردانی کردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر .
- فرۆشتنی تەندەر ( 500,000 ) پێنج سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە ، وەڕۆژانە لە کاتژمێر (9) ی بەیانی تاکو (1) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

### تێبینی :

دوو ڕۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .
هەموو بەڵگە نامە داواکراوەکان لەکاتی پێشکەش کردن لەناو تەندەر دابنرێت .

ئومێد خۆشناو
پارێزگاری هەولێر

٩/١٠
٩/١٠
٩/١٠

### وێنەیەك بۆ :

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا ...
- ✓ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ نوسینگەی بەڕێز پارێزگاری هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ نوسینگەی بەڕێز جێگری پارێزگاری هەولێر بۆ کارو باری هونەری / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا ......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆی هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕیزدا ....
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری
- بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.

بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست......

- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست
- ✓ پرسگە / بۆ هەڵواسینی ئاگاداریەکە .
- ✓ خولاو


Erbil Governorate , Qalat Street , Erbil , Kurdistan Region , Iraq
Phone: +96466(2230118) +96466(2234905) +964(7508140058)
www.hawlergov.org
info@hawlergov.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر - شەقامی قەڵات - پارێزگای هەولێر
تەلەفۆن: +٩٦٤(٧٥٠٨١٤٠٠٥٨) +٩٦٤٦٦(٢٢٣٤٩٠٥) +٩٦٤٦٦(٢٢٣٠١١٨)